
# ئەو قامیشە بەو تلیشە

## (شیعری فۆلکلۆری کوردی)




کۆکردنەوەی:

هاوژین صلیوە

ناوی کتێب: ئەو قامیشە بەو تلیشە

بابەت: شیعری فۆلکلۆری کوردی

کۆکردنەوەی: هاوژین صلیوە

چاپی یەکەم: ٢٠٢٣

تایپ و ناوەوە: کۆکەرەوەی ئەم کتێبە

چاپ: یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٥٧٤)ساڵی(٢٠٢٣)پێدراوە.

ژنێک بەنابەدڵی مێردی کردبوو دەیوت:

**بەرم وەک بەری ساجی**

**باشە لە ناعیلاجی** (فۆلکلۆر)

هەوالنامەی کتێب

فەهرەست:

پێشەکی........................................٧
پیرەژن........................................١٢
ژن و پیاو........................................١٣
قوز........................................١٤
یەکە........................................١٥
هە قوزیلە قوزیلە........................................١٦
بەخەزێمە........................................١٧
کێر و قوز........................................١٨
قوزی بن نوینێ........................................١٩
هەنەکی........................................٢٠
کیژەکەی........................................٢١
بالۆرەی کچ و کوڕ........................................٢٢
هەنوونێ و مەنوونێ........................................٢٤
ساڵدم باڵدم........................................٢٥
هەپلەپان........................................٢٦
هۆشوان........................................٢٧
قەهری قوزی........................................٢٨
هانایەک وابەردەدەم........................................٢٩
بەو سەرەپانە........................................٣٠

هەوالنامەی کتێب

پیرەژن دەڵێ........................................٣١
قورتی قوزی........................................٣٥
بێوەژن........................................٣٦
شیفایە........................................٣٨
هەی مەتەر........................................٣٩
پوور حەلیم........................................٤٠
هەلاج بەقوربانت بێ........................................٤١
خۆت مەدە لە هەشت........................................٤٢
هەڵتدەگرم........................................٤٣
گەنمی شەش پەڕ........................................٤٤
قوز هەر قوزی........................................٤٥
پیرەژنم گان........................................٤٦
هێنە هێنە........................................٤٧
ئاغا چاک بوو........................................٤٨
ماپلۆخ........................................٤٩
لێخە بەلێخە........................................٥٠
هەوای شەقلاوە........................................٥١
حەیران لە شۆشێ........................................٥٢
حەیران حەیرانە........................................٥٣
فاتمۆکە........................................٥٤
مام ڕەمەزان........................................٥٥

هەواڵنامەی کتێب

کەندولەندان..................................٥٦
کێر.........................................٥٧
لێره سمیبات.................................٥٨
زەمبی یار...................................٥٩
مێردی قۆڕە..................................٦٠
خۆزگە جارێکم بگابا..........................٦٢
شێوە فۆلکلۆرییەکان..........................٦٥

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

زۆر جار بیرم دەکردەوە بەخۆمم دەوت دەبێ پێش شێخ ڕەزا شاعیری ترمان هەبووبێ شیعری سێکس ئامێزی نووسیبێ و جا چ ڕاستەوخۆ یان لەقالبی جنێودان، دواتر بیرم لەوە کردەوە کەوا فۆلکلۆری کوردی سەرچاوەی هەموو ژاندرەکانە بەجۆرێک لەجۆرەکان هەر لە: شیعر، شانۆ، چیرۆک، ڕۆمان، داستان...هتد. ڕاستە ئەو ژاندرانە لە ڕووی تەکنیکەوە شێوەی نوێیان وەرگرتووە و لە زۆر ڕووەوە لە بابەتە فۆلکلۆرییەکان جیاوازن، بەڵام ڕەگ و بنەمای هاوبەشی نێوانیان زۆرە.

سەبارەت بە شیعری فۆلکلۆر، هەوڵێکی باش دراوە و بەشێکی بەرچاوی شیعری فۆلکلۆری کوردی، کۆکراوەتەوە، یان بەشێوەی گۆرانی زۆری تۆمارکراوە و بەشێکی بەرچاوی لەناوچوون ڕزگاری بووە، شیعری کۆمەڵایەتی، ئاینی، دڵداری...هتد، ئەو شیعرانەی لە میانەی ئیش کردن گوتراون زۆربەیان کۆکراونەتەوە و نموونەیان هەیە، ئەی ئەو لایەنە (سێکسە شیعر)ە بۆچی فەرامۆش کراوە؟ ئەو

هەوراز نامەی کتێب

شیعرانەش تەنها لەلای کەسە بەتەمەنەکان دەست دەکەون، ئەوانیش وردە وردە خەزانی پیری ڕاپێچیان دەکات و ئەو لایەنە گرنگەی فۆلکلۆری ئەدەبی کوردیمان لەدەست دەچێ. لە ڕشتەی مرواری لە کۆتایی نوکتەکان جارجارە هەست بە ڕستەیەکی شیعری دەکەین، لە توێژینەوە و کۆکردنەوەی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان ناوناوە شیعرێک دوان دەبیندرێ، بەڵام لەناوەخنی کتێبە گەورەکان ون بووین، وەک گرد و کۆی شیعر شتێکی وا نەکراوە لەژێر پەردەی عەیبە نەنووسراوەتەوە و کۆنەکراوەتەوە، بیرۆکەی کۆکردنەوەی ئەم جۆرە شیعرانە لە ساڵی ٢٠١٤ لە زەینم چەکەرەی کرد، هۆکارەکەش ئەوە بوو، خۆم هەندێکم لەبەر بوو، کە زیاتر کاتی خۆی بۆ پێکەنین و مەجلیش خۆش کردن کە مامم (سەخەریا عیسا) گۆرانی بێژ و فۆلکلۆرزانە، لەوییەوە فێربووم، بۆیە ئەوانەم نووسییەوە، واتر داوام لە مامم (سەخەریا عیسا)کرد، ئەگەر شیعری تری لەو جۆرەی لایە بۆم بڵێ تاوەکو بینووسمەوە، چەند دانەیەکی تری لەبەربوو، لەڕێی کۆمەڵێ هاوڕێی کۆیە و سلێمانی و هەولێر، پەیوەندیم بەو کەسانەوە کرد کە لە

فۆلکلـۆر شـارەزانە و دەمـوت مـن ئیشـم بـەم جـۆرە شـیعرانەیە، هەنـدێکیان شـیعرێک یـا دوانیـان دەزانـی، هـی واش هـەبوو، لـەو جۆرانـەی نـەدەزانی، ئـی وا هـەبوو پێـی عەیب بوو تۆماری بکـەم، هەشـبوو دەیـوت شـیعرەکەت بـۆ دەڵێم بینووسەوە بـەس بـەناوی من بـڵاوی مەکـەوە. ئیجا کەوتمە سۆراغی ئەو کەسانەی کە پێشـتر سـەپان بـووین و مـەقامی دروێنـەیان زانیـوە، بەتایبـەتی نەخوێنـدەوارەکان کۆمپلــەیــەک، دێرێــک، چەنــدی دەســتم کــەوتبێ نووسیومەتەوە، بۆ کۆکردنەوەی ئەو شـیعرانەش مـاوەی نـۆ ساڵی خایاندووە، واتا بەسەر یەک بۆم کۆنەکراونەتەوە.

نـابێ ڕۆڵی (حەمیـد ڕەشـاش)م لـەبیرچێ، زۆرجـار لـە پەیوەندی تەلەفۆنی بەپێکەنینەوە من یەک دوو کۆپلەم بـۆ دەوت، ئـەویش ئـەو شـتانەی کـە دەیزانـی بۆیـدەوتم و لای خـۆم دەمنووسـییەوە. ئـەم شـیعرانە چێـژ بـەخش و پێکەنیناوین هێز و توانایان بـەو کەسـانە داوە کـە ئیشـیان کـردووە، لـە کـۆڕ و مـەجلیسـەکان زەردەخەنـەیان بـە کەسەکان بەخشیوە.

سەرچاوەی کتێب

هەندێ لە شیعرەکان کۆمەڵێ نهێنی و دەرەدەدڵیان لە پشتە، جاری وەها هەیە تاقە دێڕێک دەتخاتە بیرکردنەوەیەکی قوڵ، کە پێویستیان بە هەڵوەستەکردن و سەرنج دان و شیکردنەوە هەیە، ڕاستە سادەن و تێگەیشتنیان ئاسانە، بەڵام بێمەبەست نەگوتراون، بۆنموونە لەم دێڕە فۆلکلۆرییە لە زاری ژنێکەوە واهاتووە:

**بەرم وەک بەری ساجی**

**باشە لە ناعیلاجی**

هەواڵنامەی کتێب

ناڕەزایی ژنێکە بەرامبەر بە مێردەکەی، کە بە جوانی بەرە ڕەشەکەی خۆی دەنازێ، کە وەک بەری ساجە، کە هەڵبەتە ساجەکە بە دووکەڵ ڕەش بووە، لێرەدا مەبەستی ڕەنگی ڕەشە، لەم بەرە ڕەشەوە واتێدەگەین کە ژنێکی گەنجە. جا کە بەو ئەندامەی خۆی دەنازێ، کەواتە بەشۆخ و شەنگییەکەی خۆیی و بە گەنجی و بەژن و باڵاشی دەنازێ، بەڵام بەنابەدڵی شووی کردووە و مێردەکەی خۆی بەدڵ نەبووە، کەچی لەناعیلاجیش هەرباش بووە، لێرەشدا چەند پرسیارێک سەرهەڵدەدات ئایە ژنەکە گەنج بوووە و مێردەکەی پیر بووە؟ ئایە بە تۆبزی بەو پیاوە دراوە بۆیە

ئەو بەدڵی نییە و لەڕێی ئەو ڕستە شیعرییە هەناسە و ئاخی خۆی بەیان دەکات؟ ئایە لە مێردەکەی ساردبۆتەوە و خۆی بەشایەستەی ئەو نازانێت کە لەگەڵ ئەو بژییێت؟ ئایە مێردەکەی لەگەڵی خراپ بووە؟ ئایە مێردەکەی هەژار بووە؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر.

ناوی هەندێ کەسم لە پەراوێزی شیعرەکان نووسیوە، ئەوانەی کە پێیان باش بوو ناویان نەنووسم ئەوا نەمنووسیووە و با هەمووی لە سەر من حیساب بێ و شیعرەکان بڵاودەکەمەوە، لە کۆتایی کتێبەکە دوو شیعری خۆم داناوە، کە وەک بیرۆکەی شیعری شێوە فۆلکلۆرییان پێوەدیارە و لە کەش و هەوای ئەوان دەخولێنەوە، خوازیارم بتوانم لە چاپی دووەم شیعری فۆلکلۆری ئیدیکەشی بخەمە سەر.

هاوژین صلیوە

٢٠٢٢/١/٢٠

## (پیرەژن)[١]

پیرەژن هات بۆهێرەگێ
دوو مووی سپی لە چەنەگێ
شەیتان دەرێ هەستە بیگێ.
پیرەژن هاتە مارێ مە
قون و قوز کەوتە چاڵێ مە
گیلکەی شکا یەغبارێ مە.
***

هەواڵنامەی کتێب

١ - لە ٢٠٢١/١٢/٢٠ لە (حەمید ڕەشاش)م وەرگرتووە. حەمید ڕەشاشی فۆلکلۆرناس لەساڵی ١٩٣١ لە دایک بووە، لە ٢٠٢٢/١/٢١ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە.
گیلکە:کیلکە: میتکە، قیتکە. یەغبار: بێ خەبەر.

## (ژن و پیاو)

ژن: مارمان لە بنەبنەی ڕەواندز بوو
سێ جەمەم نان و کەرەوز بوو
ئەوەم قۆپەنەی قوز بوو.
پیاو: مارمان لە بنە بنەی هەریر بوو
سێ جەمەم نان و شیر بوو
ئەوەم بالۆرەی کیر بوو.

***

## (قوز)[1]

قوز یەکەو ئاوی تێکە
قوز دووە دەوری مووە
قوز سێیە ئەو سەر ڕێیە
قوز چوارە دەم بەرەو خوارە
قوز پێنجە وەک ئیسفنجە
قوز شەشە دەوری ڕەشە
قەز حەوتە شەریکەی نەوتە
قوز هەشتە وەک بەهەشتە
قوز نۆیە وەک لیمۆیە.

***

١- لە ٢٥ـ٢ـ ٢٠١٤ لە (سەخەریا عیسا)م وەرگرتووە، لەدایک بووی (١٩٤٨)، کۆیە - هەرمۆتە.

هەوڵنامەی کتێب

## (یەکە)[1]

یەکە، هی منی تێکە
دووە، دەوری مووە
سێیە، وەک سیرمەیە
چوارە، بەئەژمارە
پێنجە، بە کلێنجە
شەشە، بەلەمووی ڕەشە
حەفتە، ئاتەل کەفتە
هەشتە، قەلی دەشتە
نۆیە، هی من و تۆیە
دەیە، بەتەگەیە.
***

١ ـ لە ١٨ـ٢ـ ٢٠١٥ لە (سەخەریا عیسا)م وەرگرتووە، لەدایک بووی (١٩٤٨)، کۆیە – هەرمۆتە.

هەوراماننامەی کتێب

## (هە قوزیلە قوزیلە)[١]

هە قوزیلە قوزیلە قوزیلە
دوو مووم لێبوون دەرزیلە
لەسەر بەندەک دادەخووڕی
چل گەز قوزیم هەڵدڕی
قوز بەقوزی گۆتەوە
دەرکی قافیێم کردەوە
دەرکی قافیێ قنج و منج
تێیدایە سۆرە برنج
سۆرە برنجی لەبانی
نەزمی قوزیلان دەزانی
نەزمی قوزیلان شەپۆلە
چەنگە مووەک لە ژۆرە
وە بابە سەلکە سمۆرە.

---

١ ـ لە ١٨ـ٢ـ٢٠١٥ لە (سەخەریا عیسا کەریم) وەرگیراوە.
لەدایکبووی ١٩٤٨ هەرمۆتە ـ کۆیە.

## (بەخەزێمە)[1]

سەری میتکەی بە خەزێمە
کێرم تێنا گون بەجێما.

***

هەواڵنامەی کتێب

[1] - لە کۆندا لە هەندێک شوێن خەزێمە لە (میتکە) خراوە.

## (کێر و قوز)[1]

کێر:مەرحەبا قوزەکەی شێت و شەیدا و
دێوانە
کێر ئەوەتنێ تا سێ ڕۆژ لەلات میوانە
قوز: وەی بەخێرهاتی سەرهەردوو چاوم
لینگان هەڵبڕە و هەڵکوتە ناوم.

***

هەواڵنامەی کتێب

١ـ لە ٢٠٢٢/٣/١٤ لە (ئارام ساڵح) وەرگیراوە.

## (قوزی بن نوینێ)[1]

قوز هەر قوزی بن نوینێ
گیری دەچووە سەرینێ
لێی دەخوێنێ یاسینێ.
***

هەواڵنامەی کتێب

١ ـ لە ساڵی ٢٠٢٠ لە (حەمید ڕەشاش)م وەرگرتووە.

## (هەنەکی)

هەنەکی نەکی نەکی
دەیبەمە پشت ئەستێرکی
دوو قلە قەسپی دەدەمێ
مشێ گونانی دەبەمێ.

هەواڵنامەی کتێب

## (کیژەکەی)[1]

کیژەکەی مستەفا حەسەنی
پیرە کەری چیمەنی
گان خۆشی فس بۆگەنی.

***

هەواڵنامەی کتێب

١ ـ لە ساڵی ٢٠٢٠ لە (حەمید ڕەشاش)م وەرگرتووە.

## (بالۆرەی کچ و کوڕ)[1]

کچ: پیاوە پیاوە
پیسکەی سەر و چاوە
گوت خوارد ئاوڕت داوە.
هێ شوانە شوانە شوانە
وای لەوێ بگری ژانە
مێزێ منت دەرمانە
سەری حەوت سارانە.
جوتیاری لە جۆتێ
مشکان گونی کرۆتێ
دایکەی بێ سک سۆتێ.
کوڕ: بالۆرێ دەزانم
سێوی سەر لکانم
مێردی هەمووتانم.

١- لە ٢٠٢٠ لە (حەمید ڕەشاش)م وەرگرتووە.

هەمانامەی کتێب

حیزێ لە قەتپاری
جاشکۆرەی بەفاری[١]
نەمگای لە ئاقاری.
بالۆرێ دەبێژم
ڕەشی کیر درێژم
پانۆرەت دەڕێژم.
کیژێ لە کەندێ دا
دۆخین لە مستێ دا
ئەوگانەت بەکێ دا.
***

١ ـ بەفار: بەتەرەب. پانۆرە: قوز.

**(هەنوونێ و مەنوونێ)**

**هەی هەنوونێ و مەنوونێ**

**چوتە گونمت بەقونێ**

**ئەمڕۆ خۆشترە یان دونێ.**

***

هەواڵنامەی کتێب

## (ساڵدم باڵدم)[1]

ساڵدم باڵدم

شەش پای دوو سم

پۆپیتەت دەگرم

پێتدادەفسم.

***

هەواڵنامەی کتێب

١ـ ساڵدم باڵدم: شتی تێکچووی بێکەڵک.

**(هەپلەپان)**

**هەپلەپان و مەپلەپان**
**گیایەک شین بووە پەلک پان**
**قوز دەچوو ئاوێ بێنێ**
**گیر دەچوو لێی بستێنێ**
**گون دەچوو پێکیان بێنێ.**

***

هەولێرنامەی کتێب

**(هۆشوان)**

**هۆشوان هۆشوان**

**لەمارت بگێم دوان**

**یەکیان پیر و یەکیان جوان.**

هەواڵنامەی کتێب

## (قەهری قوزی)

شەوێ چومە لای یاری ئازیزم
فەرمووی لاچۆ تۆ دزی
کە پیشانمدا ئەسلی مەقسەد
نایە ناودەستم قوزی
چەند وتم سووره وامەکە
خۆی هەڵدا و کەوتە ناو قەهری قوزی.
***

هەورامانی کتێب

## (هانایەک وابەردەدەم)[1]

هانایەک وا بەردەدەم
دومین لەبەر خودایە
تەماشای بەژنێ یارکەن
هەر دەرێی ڕەشکە کایە
قونی قۆتەرەی ئاشە و
سەد عەربەی زەرەر دایە،
مەمکی دۆدانەی دۆیە
دۆی تێدا گزگزایە
دانی دەڵێی تەرگینە
چەند دانی هەڵوەرایە
کەپووی هێلانە قوڵتە
تارە بنیشتی دەردایە
گوێ مراکی سەپانان
ئێستر لەقەی لێدایە.

---

١. لە ساڵی ٢٠٢٠ لە (حەمید ڕەشاش)م وەرگرتووە.

## (بەو سەرەپانە)[1]

یەکێکت لێدەم بەو سەرە پانە
بە ئیزعاف بتبەت بۆخەستەخانە
یەکێکت لێدەم بەو سەرە گۆیە
شاربەدەرت کەن لە شاری کۆیە.

***

هەوالنامەی کتێب

١ ـ لە ساڵی ٢٠١٩ دڵزاری بەکراغا وەرگیراوە .

بەژنێکیان وت دەتوانی وا لە عەلی بەردەشانی بکەی کە سڵاو نەکات و خۆی لە بیرچێتەوە، پیرۆژن وتی: ئەمن دەتوانم پیرەژن دەرپێی داکەند و لینگی خۆی فش کردەوە و قوزی وەک دەمی ماسی لێکبووەوە. مەبەستی پیرێژن ئەوە بوو ئاغا کورەکەی لە سجن بەربدات و پاداشتیشی بکات. ئاغا کوری پیرێژن بەردەدات، بەڵام زێرەکەی ناداتێ، چونکە عەلی سڵاوی خۆی کرد.

**پیرەژن دەڵێ:**[1]

**ئەتووی عەلی بەردەشانی**
**دوو کونم هەیە لە لینگانی**
**بەیەکێ دەتدەمێ ئاوێ**
**بەوەی تر دەتدەمێ دانی.**

١. لە ساڵی ٢٠٢٠ لە (حەمید ڕەشاش)م وەرگرتووە.



هەواڵنامەی کتێب

عەلی بەردەشانی دەڵێت:

زۆر شوکرم بەو دوو کونانە
پیرەژنێ هەندێک و مەنێک
لینگت لێدەکەمە سێپێک
هەر دوو کونت دەکەمە یەک
ئەوجا میرم سەلام و عەلێک.

***

هەواڵنامەی کتێب

دەگێڕنەوە دەڵێن پیاوێک باراشی بارکرد بۆ ئاشی، لەسەر ڕێی خۆی توشی کابرایەک بوو جوتی دەکرد بەگاڕەشی بانگی جوتیارەکەی کرد گوتی:[1]

**هۆ جوتیاری گاڕەشی**
**بتگێم لەبن تەڕاشی**
**نیشانم دەدەی ئاشی.**
**جوتیار:**
**با گایەکانم بەردەم**
**کیر و گونت تێ بەردەم**
**ڕێی ئاشت نیشان دەدەم.**

***

١ - ساڵی ٢٠٢٠ لە (حەمید ڕەشاش)م وەرگرتووە.

هەوالنامەی کتێب

دەگێڕنـەوە دەڵـێن کابرایـەکی شـێتۆکە هـەبوو گۆرانییـەکی سەیری دەگوت ئەویش بەوشێوەیە بوو:

**کراس زەردێ کراس زەردێ**

**کراس زەردێی تیلم تیلم**

**وەرە بەسەر سێبەری کیرم**

**گەرچی بێ پارە و فەقیرم**

**وا دەزانم کوڕە میرم.**

***

هەوالنامەی کتێب

(قورتی قوزی)
چومە ماری ئۆغزی
پێم کەوتە قورتی قوزی.
***

هەواڵنامەی کتێب

## (بێوەژن)[1]

هەی داد وەیببێداد ئەرێ چیم بەسەر داهات
ئەرێ لە کیژ دەگەڕام بێوەژنم تووش هات
ئەو بێوەژنەی حەوت مێردان دەکا
بە شەرعی مەلا خۆی مارە دەکا
حەفتەی پێناچێ حاشای لێدەکا
گەورە بێوەژنەکەی ڕەشی بێ نیشان
کورتانی بۆبکەی بۆ زووبر کێشان
بێوەژن دەڵێ: من خان و مانم
یەکێکم دەوێ وەک شلکەی ڕانم
بێوەژن دەڵێ: ئەمن بێکوڕم
یەکێکم دەوێ لەبنی بترِم.

---

١ـ لە ٢٢ـ٢ـ٢٠١٧ لە (سەخەریا عیسا کەریم)م وەرگرتووە. لەدایک بووی ساڵی ١٩٤٨ کۆیە ـ هەرمۆتە.

بێوەژن دەڵێ: ئەمن بێکەسم
یەکێکم دەوێ لەبنی بتسم
بێوەژن دەڵێ: ئەمن بێ کچم
یەکێکم دەوێ هەتا بن لچم.

هەواڵنامەی کتێب

**(شیفایە)**

**شتێک لە نێو گەڵیەتی**

**عەنی شوێن پێی مانگایە**

**لە دکتۆرم پرسیوە**

**بەس بیبینی شیفایە.**

***

هەواڵنامەی کتێب

## (هەی مەتەر)

هەی مەتەر مەتەر مەتەر
بە چوار پیرەژنی قوز کەچەر
قوزیان خستە ناومەنجەر
بردیان بۆ ئاغای سەنگەر
ئاغا وتی من تێرم
بیدەن لە سەلکی کێرم.
***

هەورامانی کتێب

## (پوور حەلیم)[1]

مالْ لە قولیای تەتەر بی
جاجمی سوورمان لەسەر بی
هەر بۆقێکە دەیقیڕاند
پوور حەلیمم دەیفیڕاند.

***

هەوالنامەی کتێب

[1] – لە کەسێکی (گوندی ئۆمەر گومیبەت)ی سەر بەناحیەی تەقتەق لە ساڵی ٢٠٠٤ وەرمگرتووە.

**(هەلاج بەقوربانت بێ)**

بەرامبەرم دانیشە
ئەو قامیشە بەو تلیشە
هەلاج بە قوربانت بێ.
دەوران دەوری قامیشە
ناوەندەکەی کشمیشە
هەلاج بەقوربانت بێ.
کانی نییە و ئاودارە
بزن نییە و شاخدارە
هەلاج بەقوربانت بێ.
حاکم نییە و حوکمێ دەکا
زاڵم نییە و زوڵمێ دەکا
هەلاج بەقوربانت بێ.

***

## (خۆت مەدە لە هەشت)[1]

دەڵێن خۆت مەدە لە هەشت
وەک تێلی کارەبایە
ئەی بریا نەمردبام
دوو جاری بیگرتایە،
ئەو ئەلیکتریکەی کێرم
لە سەر مەداری سمتی
دوو دەفعەی بکردایە.

***

هەولێرنامەی کتێب

١ ـ لەساڵی ٢٠٢٠ لە دڵزاری بەکراغا وەرگیراوە، سیماکەی زۆر بەشیعری فۆلکلۆر ناچێ، ئەگەر فۆلکلۆریش بێ مێژووەکەی نوێیە.

## (هەڵتدەگرم)[1]

هەڵتدەگرم داتدەنێم
لە توورەگەی کات دەنێم
هەتا دەمری تێتدەنێم.
***

هەواڵنامەی کتێب

١ ـ لە ساڵی ٢٠١٩ لە دڵزاری بەکراغا- کۆیە- وەرگیراوە.

(گەنمی شەش پەڕ)
بە قوربانی قوزت بم
دەڵێی پەنیری تەڕە
تۆزێ توکی واپێوە
دەڵێی گەنمی شەش پەڕە.
***

هەوراز کتێب

**(قوز هەر قوزی)**

**قوز هەر قوزی مە....ی**

**کرێیم بە سەد کاوڕی**

**بە شەوێک کەلکم بڕی.**

***

هەواڵنامەی کتێب

**(پیرەژنم گان)**

**لەگەڵ کوڕان چوومە مەڕان**

**پیرەژنم گان لە ...ڕان**

**بۆیە چاوم هەڵبزگوڕان.**

***

هەواڵنامەی کتێب

## (هێنە هێنە)[1]

هێنە هێنە
بۆخۆی ڕەشە و
تەڕکی زێنە.[2]
***

هەواڵنامەی کتێب

[1] – لە ٢٥ـ٢ـ٢٠١٧ لە (هرمز عیسا کەریم)م وەرگرتووە. (لەدایک بووی ١٩٥٦ کۆیە ـ هەرمۆتە).
٢ ـ تەڕک: کێر

## (ئاغا چاک بوو)[١]

ـ ئاغای چاک بوو

ـ بە خوای وابوو

ـ زۆر ئازا بوو

ـ بە خوای وابوو

ـ هەمووی گابوو

ـ بە خوای وابوو.

***

١– لە ساڵی ٢٠٢٢ لە (ئارام ساڵح)م وەرگرتووە .

# (ماپلۆخ)
# زەرگەتە ماپلۆخ
# خەپشە لەبۆخۆی خڕیالۆخ[1]

هەواڵنامەی کتێب

---

١ـ لەسەر ئاوازی وشەی سریانی وتراوە، ماپلۆخ: پێوەی نەداوە، خەپشە: قوز، خڕیالۆخ: خڕە. لەڕاستیدا وشەکان سریانی نین، چونکە خۆم سیریانی زمانم و ڕەچەڵەکی وشەکان دەزانم. پێوەی نەداوە لە سریانی بەوشێوەیە:

(لێ نئستۆخ)بۆکوڕ، (لێ نئستەخ)بۆ کچ بەکار دێ، واتا پاشگرەکەی سریانییە،خڕیالۆخ: تەنها پاشگرەکە سریانییە، بەڵام لەم شیعرە ئەو ڕەهەندەی وەرگرتووە، کە نووسیومە.(ئەم دێڕە شیعرەم لەساڵی ٢٠٢٢لە (ئارام ساڵح)م وەرگرتووە.

# (لێخە بەلێخە)

لێخە بەلێخە[1]
قەیدی مالێخە
قۆپچە قەتیلیێ
شەڕ دەقەومیلیێ.

***

هەواڵنامەی کتێب

١ - وایان لێکداوەتەوە، واتا لێی بخشێنی و لێـی بخشـێنی، قەدیـدی ناکا، بەڵام ئەگەر قۆپچەکە پسا، شەڕ دەقەومێ، واتا کیـر داخیلـی قوز دەبێت. کۆتایی وشەکان (خە- لیێ)کراوەتە سەر و فۆنەتیکێکی سریانی وەرگرتـووە. لـە زمـانی سـریانی شـێوەزاری سـریانی کۆیـە، پیتی (خ) زۆر بەکاردێ، زۆربەی جاریش شوێنگرەوەی پیتـی (ح)ە، قەتیلێ و قەومیلێ: پاشگرەکان سریانین، قطیڵـی: بەسـریانی واتـا: پسا، پچڕا.تێبینی: شێخ ڕەزا لـە شـیعرێکیدا سـوودی لـەم شـیعرە فۆلکلۆرییە وەرگرتووە.

**(هەوای شەقڵاوە)**

**هەوای شەقڵاوە و ئاوی جوندیان**

**ئارەق لە دیانە و قوز لە ب...کیان**

***

هەموو کتێبێ saman

## (حەیران لە شۆشێ)[1]

حەیران لەشۆشێ [2]
کۆشت هەردەوە بڕۆنمە گادۆشێ[3]
ئەگەر ڕام لێبوو ئەوە ڕام لێیە
ئەگەر نا با مامرەت هەڵوەشێ.

***

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] - دیدەنی لەگەڵ: حەمید ڕەشاش، ١٢ـ٨ـ ٢٠٢٠

[2] - شۆش: گوندێکە لە نزیک ئاکرێ.

[3] - گادۆش: قوز. قسە کردنە لە بەینی کچ و کوڕێک، بەر لە هاوسەرگیری کوڕەکە مەرجی هەبووە، مەرجەکەی ئەوەبووە، داوای کردووە قوزی کچەکە ببینێ، ئەگەر ڕای لێبێ دەیهێنی، ئەگەر ڕاشی لێنەبێ، مامرەت هەڵدەوەشێ.

## (حەیران حەیرانە)[1]

حەیران حەیرانە
حەیران لە گوندی داندۆکان
ئەمن دەڵێم کیژ لەسەر پشتێ و کوڕ
لەسەر چۆکان.

***

ئەمن دەمگوت کێژێ لە کێت ڕاکەم
دەیگوت لەبەینی میتکۆکان.

***

حەیران حەیرانە
حەیران لە گوندی ماریێ کیژ جوانێ
ئەمن دەرێم باوەڕ بەدەرویێشان مەکەن
ئەگەر بەرماریان بسوڕێ لە عاسمانێ
دەست بەرنادەن لە مندار گانێ.

***

[1] - دیدەنی لەگەڵ: تاهیر کرمانج، ١٥ـ٩ـ٢٠٢٠.

هەوراتامەی کتێب

## (فاتمۆکە)

ئەو فاتمۆکەی سەربیری
قونی مەغزەنی کیری
یەک یەک دەدا فەقیری
دوو دوو دەدا وەزیری.
***

هەولنامەی کتێب

**(مام ڕەمەزان)**

**مام ڕەمەزان**

**قالبی قوزان**

**قوز دەرپەڕی**

**چووە ناو مەڕی**

**سە پێی وەڕی.**

هەولنامەی کتێب

## (کەندو لەندان)

## حەیران لە کەند و لەندان

## کیری فەقیری بە قونێ دەورەمەندان

***

هەواڵنامەی کتێب

## (کێر)

ڕێ دەزانێ و، چاوی نییە
دەچێتە کونێ، ماریش نییە
(ڕێک دەوستێ، قاچی نییە)[1]
حاری دەگرێ، دەرویێش نییە
دەڕشێتەوە، نەخۆش نییە.
***

١ - خۆم ئەو نیوە دێرەم بۆ زیاد کردووە.

## (لێرە سمیبات)

کابرا ژنی بۆکورەکەی هێنا، پێشتر کون کرابوو، وتی ڕۆڵە حەیای خۆت مەبەو قسە مەکە، بەس هەر ئەوەی لەدڵی بوو، ڕۆژێکی بینی بووکەکەی لوتی دەسمێ بۆ خەزێمە، خەزوریشی ئەوەی پێوت، ژنەش باشتێگەیی و بێدەنگ بوو.

**ئەوەی لێرە دەیسمی، لەماریێ بابت سمیبات**

**ئەوەی لە ماریێ بابت سمیت، لێرە سمیبات**[1]

***

[1] – حەمید ڕەشاش، ٢٠١٩.

## (زەمبی یار)[1]

چاوت کۆزیلەی دۆشاوە
مێشان دەورەی لێداوە
پەرچەم وردە کفری
سەد بزن دەورەی داوە
کەپو کونە قرژانکە
تارە بنیشتەی دەرداوە
ددان دەڵێی تەرگینە
چەند تەونی پێکوتراوە
کێ مراکی سەپانان
هێستر لەقەی لێداوە
بەژنت وەک تارمەی کایە
ئاگری تێبەردرایە
قونت کۆتەرەی ئاشە و
حەوت عەربەی زەرەر دایە.

١ ـ چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر عەزیز حەمەدەمین، لەدایک بووی ١٩٤٨/١٠/٢٢ ، خوێندەورای نییە، تەقتەق، دووشەممە، ڕێکەوتی ٢٠١٠/٤/٢٦. حەمید ڕەشاش بە شێوەیەکی دیکە بۆیوتووم.

## (مێردی قۆڕە)

بەو خوایەی بە حەواوە
شەو و ڕۆژی داناوە
عێراق و ئێرانم کردووە
یەک بێوەژنم نەیناوە
ئاوەدان بێ زەلیلە
ئاوی سارد و ژنی جوان
شەقەی لە کوڵمەی دێنم
تەرزی دەمانجەی نێرکان
جا لە سەر تۆی دەگێڕم
سەد پیرەژنی بێ ددان.
ئەی تەشی عەمرم تەشی
نێو سووری قەراغ ڕەشی
دوێنێ بیوریێکم لێدا
ئەمڕۆ لە بنەوە قەڵشی.

پیرەژنێ کەتبوو لە شنێ
تورەگەکی بەستبوو لە قونێ
وەنەوشەی دەم چیمەنان
کەوی سەر شاخ و وەردان
وەنەوشەی نێو چیمەنان
کەوی ئەم باسکە و باسکان
ژەنگە سوورەی تێبخنە
دەمانچێکم پێوەنا
دەهوێ دەنێو دەهوێ نا
دێشێ دەرێم دێشێ نا
هەروا دەڕوا دەڵێی پۆڕە
گوارەی زێڕی لە گوێی شۆڕە
بۆخۆی جوانە و مێردی قۆڕە.
***

## (خۆزگە جارێکم بگابا)[1]

١–کەوا و سەڵتەی چەند لێ جوانە
ورشەی کرمۆکە و گۆبەرە
خرینگەی خڵخاڵ بەپایەوە
بانگم دەکا دەڵێ وەرە.
٢–سمتی خڕی تێکچەقیوی
دەوایە بۆ خەم و برینم
ئەگەر چی جلی پۆشیوە
من هەر بەڕووتی دەیبینم.
٣–شێت و شەیدای ڕاموسانم
هەموو ڕۆژێ وا بیبینم
قوزی سێ گۆشەی کێشاوە
فەریکە سێوە بە دینم.

١ ـ ئەم شیعرە هەشت کۆپلەییە هی خۆمە. (هاوژین).

هەموو شامان کتێب

٤– قوزی لوس و گۆشتن و جوان
تازە تاشراوە لە حەمام
نازانم چۆن وەسفی بکەم
داماوم سەرمەست و حەیران.
٥–گردی سمتی والێک دەدەن
بەلەنجەوە لێک دەبنەوە
قەرشتی نێو قوزی جوانی
لەگەڵ قیتکە دەلەرنەوە.
٦–ڕێک نەکەوت جارێ بیگێم
دایمرکێنم سفت و سۆی دڵ
دەست و پەنجەی جوان بکوشم
تێربم لە مژینی مەمکی خڕ.
٧–بێت و لێوانی بمژم
چاودابخەم بە ئەسپایی
بەهەشتی خۆشی دەبینم
ئۆخژنم دێ بەڵنیایی.

هەرزانامەی کتێب

٨–لە دووی سمتی وەک مار دەخشم
بەدەست خۆم نییە و حەزم لێیە
خۆزگە جارێکم بگابا
ئەو ژنەی کە تەمام پێیە.
٢٩ـ ٩ـ ٢٠٢٠
***

هەواڵنامەی کتێب

## (شێوە فۆلکلۆرییەکان)[1]

١–ماینەژنێک لەبەر نانی
لەنجەی دەکرد شلکەی ڕانی
زەینەتە داینێی بۆ جوانی.
٢–تەنکە ژنێک لەنێو چیخی
پەڕەی قوزی وەک دوو تیخی
کێ دەوێرێ بۆی تێبێخی.
٣–جوانە ژنێک لە کەنگران
درێژم کرد لە سەر پوزگوڕان
تێم ڕاکرد هەتا بن گونان.
٤– ڕەشە ژنێک لە حەمامێ
بە قوز و قونی تێم دەڕوانێ
مەونوونیم گانێکی دامێ.

١ ـ ئەم شیعرە حەوت کۆپلەییە هی خۆمە، بەڵام لە ڕووی کەرەستە و پێکهاتەوە کەشێکی فۆلکلۆریانەم داوەتێ. (هاوژین)

٥–کەرە ژنێک لە کەڵەکێ
هەڵی کرد باسک و بەلەکێ
پێی وتم بە پوولەک بمگێ.
٦ـ ڕەندە ژنێک لەناو مەڕی
جەستەی سپی وەک مەڕمەڕی
دەمرم لە بۆ قوزی تەڕی.
٧ـ دوو ژن کەوتنە سەرچۆکان
دەرپەڕی بوو دوو قوزی جوان
ڕێک بۆیان چووم هەردووکیم گان.
٣–١٠–٢٠٢٠

هەڵمەتی کتێب

